ئازاد عەزیز سورێ



# تەلارساز و
# هەندێ لە زیندەخەونەکانی ..

چاپی یەکەم 2018

ئازاد عزیز سوری

---

**تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەکانی ..**

- نەژاد عزیز سورمێ
- تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەکانی ..
- شیعر
- بەرگ ( کۆلاژ ) : شاعیر خۆی
- کاری کۆمپیوتەر : کاروان محەمەد سینۆ
- چاپی یەکەم : 2018
- چاپخانە : تاران
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکانی کوردستان ژمارە (666) ی ساڵی 2018 وەرگرتووە
- نرخ : 1500دینار


---

( ڕیزبەندی و پاش و پێشکردنی دەقەکان بە پێی مێژووی نووسینیان پەیوەندی بە دەرهێنانی هونەرییەوەیە . )

نەژاد عەزیز سورمێ

# تەلارساز و
# هەندێ لە زیندەخەونەکانی ..

چاپی یەکەم 2018

# جەنگ
# لە بێستانی تەماتە سپییەکاندا

(( ئەمە هەندێکە لە ڕۆژی من بەڕێزان ڕەحمی بکەن !
بەڵام شەو بۆ من لێگەڕێن )) .

*یەحیا جابر*
*لە (ئەستێرەکانی نیوەڕۆ) دا*

پەرستگای لایەنگیریی
هانا بۆ ساقیی خەراباتان دەبا ..
گەواڵە باجستێنەکان
سێبەر لە شاخ ،
لە کێڵگەی ئەستریبیان دەکەن ..

بەیداخی هاوار
نرکەی نەخۆشان
پۆلی پەپوولان ڕادەکێشن ..
بە نازەوە
بەهێمنی
لەنجەدار ..

خەیاڵمان
لەچاڵێکی بەردیندا ،
دەتگوت بە دەست خۆش کراوە
لێ بەجێما ..
ئێستا لە بیرەوەریماندا ..
لە پشووە بەتاڵە ،
یەک بەدوای یەک هاتووەکانمان
دێنە دەرێ ..
وەک ئەوەی مێروولە بن
بۆ دەنکە دانەوێڵەیەک ،
سەرادووی یەکتریان نابێ ..

من بەتەنێم
پاڵم بە دارگوێزێک داوە
نەوتیان بە بندا کردووە .
ئەمڕۆ زانیم
ئاوی ژێر دارگوێزی پەلک وەریو
بێ ڕەنگ و تام و بۆن نییە .
ئەمڕۆ زانیم
لەم بەهەشتە بەردراوەدا ،
تۆخیی گەڵای درەختان
ڕەنگی نارنجی گریانی
هەزاران ساڵ دەداتەوە ..

من بەتەنێ بووم
هەور هێشتا ئەستێرەی
ئازاد نەکردبوون
چەندی بانگم کردن ،
بێدار نەبوونەوە ..
چەندی هەڵمتەکاندن ،
نەبزووتن ..
دەیانگوت :
بە گوڵەمێخەک کەوتوون
لە بیابان پر بووبوون
بەڵام گریانیان نەدەهات ..
ئێستاش لە خەوی هەرهەریدا
لە ناو تەمی خۆڵبارانداندا
خەریکن ئاگردانان
بۆ زستانەکانی دادێمان دروست دەکەن .

ئەی تەبعی دێوەرەو عەتتاران !
بزانە ئێمە لەکوێ بووین ؟
بزانە چ ڕێیەکمان گرتووە ؟
سێ وەختەی ڕۆژێ ،
لەباتی خۆر
لەباتی چرا
لەباتی مۆم
شکۆی ڕەهایی تۆ
دادەگیرسێنین ..

گۆرانیی بێباکیی
لە دەوری دەواری
قەرەجان دەچڕین ..
شایی بێهوودەییمان
لەسەر کانی مرادان دابەستووە ..
کانی چ کانی
ڕامانی ستراتیژیمان ئاسا
شەختەی شوباتێی لێ داوە ،
داپۆشراو.. زیندانی.. بەترس .

ئیتر لێرەوە
لەگەڵ زایەڵەی سپێدەدا
من و زەمەنە بە هەڵپەکان
من و ئەسەف لێکدابڕاین ..

بەڵام ئەو دەنگانە چین
بە کەروێشکەی گوڵپەڕی
شکارتانەوە دەزرنگێنەوە و نایانبینم ؟
ئەو دەنگانەی دەڵێن
دەستەویەخە ڕووبەڕووی یەک بوونەتەوە
لە وەرزی پەژموردەیی شیعردا
لە کوێ ، لە چ دڵێکی سارددا دەزرنگێنەوە ؟

له بازاڕی کوتاڵفرۆشان ،
که هەمیشه به ژنان
هەڕمێنیان بۆ دەگەڕێتەوە ؟
یا له دێر و کەنیسه و مزگەوتانەوەیه ؟
ئەو دەنگانه
بۆ لەگەڵ گۆرانییه بێ ئومێدەکان
تێکەڵ دەبن ؟

ئای بەهاری نائومێدی!
بنمیچی ئەو سێبەرە
چەند نەوی بوو ،
زەردە هێشتا
لەسەران ئاوا نەدەبوو
پاڵمان بە پاردەی
تەنیشت چیلەمێوەکە دەدا و
ئەو چوکلاتانەمان دەخوارد
بە دزی لە گیرفانمان نابوو ..
چەند نەوی بوو
ئەو سایەیە ، بنمیچی چەند نەوی بوو
کە پێم دەگوتی :
تۆ هەمیشە بە فرمێسکەوە جوانتری .

ئەوە خەمی من بوو
بەسەر شانی ڕابردوودا
نوقڵی لە دایک بوونی دابەش دەکرا ..
بڕوانە!
ئەوە بەشی ئێمە بووە
خەمی زێڕین ،
بە کێڵگەی ئەستریيان ،
بە باخچەی مرادان وەرکەین ..

( تازە خەتی دانابوو
بیری لە باخچەی مرادان دەکردەوە .
بیری لە بووکی خەمباری
دەریا دەکردەوە ،
کە دەڵێن ماسی لە خۆشی ئەو
لە دەریادا ماونەتەوە
کەچی ئەو لەسەر تاشەبەردێک دانیشتووە
قژی دادێنێ .. )

وەختێ بیر لە باخچەی مرادان
لە کێڵگەی ئەستریيان دەکەمەوە ،
هەزاران گوڵ دەپشکوون
هەزاران مەل
لەشەقەی باڵیان دەدەن ..
هەزاران ماسی
هەزاران ماسی دەخۆن ..

تازە خەتی دانابوو
گوێی لە دەنگێک بووبوو
لە بێستانی تەماتە سپیەکانەوە هاتبوو
دەیانگووت برایان
شەڕی مان و نەمانی لەسەر دەکەن !!
ڕوون نەبووە ،
دەنگی خۆر بووە ، یا تاریکی .
ئێوە دەنگی خۆرتان بیستووە ؟
کە لە هاواری کپی ئۆقیانووسان دەچێ ؟
لە دەنگی پەپوولان
کاتێ دێن بە گۆرانی
فریوی گوڵان دەدەن ؟

دەنگی تاریکیتان لێک داوەتەوە ؟
ئای لە دەنگی تاریکی
چ دەنگێکی لەسەرخۆیە
لە شەقامە ئەبەدییەکانی بەهەشت دەچێ ،
پەریی لە شۆستە لازوەردییەکاندا
دەدرەوشێنەوە ..
تەماتەی تێدا سوور دەبن .

ئای تەبعی دێوەرە و عەتاران !
ئێمە بۆ ؟
بۆ لەو هەموو مەزرەعە و باخچانە
جەنگمان بردە
بێستانی تەماتە سپییەکان ؟
ئێمە بۆ قەت با نامان با
باران ڕۆژێ تەڕمان ناکا ؟
بۆچی خۆر هەڵماننا‌کێشێ ؟
دەریا هەڵماننالووشێ ؟
ئێمەی ئادەمزاد ،
چ دەکەین لێرە
لەسەر ئەم زەمینە ،
کە هەر دڕکی تیا دەناسین ؟

لە ژێر ئاسمانی پێکەوە لکاودا ،
ئێمە تا دێ
لە ڕۆحی سەردەم دوور دەکەوینەوە ..
لە سەدەی ئەفسانان لە دایک بووین
خوێنی تەکنۆلۆژیامان تیا دەگەڕێ !

هەمیشە بڵێسەیەک
لە بۆشایی مێژووەوە
تاوی بۆ هێناوین ..
هەمیشە بڵێسە تاومان بۆ دێنێ و
بەسرووتی نەفرەت ،
پەروەردەمان دەکا ..
سەتان ساڵە
خۆمان لێ ون بووە ..
دەمانەوێ
بە نەخشەی ساویلکەیی
خەونی عاقڵان ببینین ..
لە لەرینەوەی قامچیدا
با دەناسین .

( شەپۆلەکان مەرگهێنەر بوون ..
ڕەنگی ئێوارە لە ژنێک دەچوو
پڕ پڕ لە ژنایەتی ..
بەڵام درێغ
لووتکە لە بیابان کۆ ببوونەوە
ئاڵای خەو
ڕەنگاوی پێدا دەهاتە خوار
خەولێکەوتووان
بە هیچ داد و یەخەدادڕینێک
بێدار نەدەبوونەوە..)

ئێمە ئەگەر
ڕەنگی مردووانمان لێ نیشتبێ
دەبێ بەرگی مردووان بپۆشین ..
دەزانن ؟
ئێوە دەزانن
ئێمە بە پێوانەی پۆشین
چەند ڕووتین ؟

چی لە خۆر بکەم
دەگاتە بەر پەنجەرەمان و ناگات
هەڵدەخلیسکێ ؟
چی لەو (داربریا)یانە بکەم
لە وەهمیان زیاتر نەگرت ؟

( میوەی ژەنگاوی
برِکی دەردگرتووی تەماتە سپییەکان
لە بیابانی جەنجاڵدا
بێ ئاکام دەیەوێ
تۆزی خۆڵپەرستی
لە خۆیدا بتەکێنێ.. )

دەمزانی
چاوم بەری لە ماڵێ نییە
دەمزانی ڕێی گەڕانەوەمان ئەستەم بوو .
دەمزانی
ڕەنگە باسی شیعر و
شتی لەو بابەتەم لێ بپرسی .. دەمزانی
بەڵام چی بکەم
مۆسیقای غەفڵەت
ماندوویەتی گوڵنمان پێشان دەدا
کە بە هەناسەسوارییەوە
سەر لە ئینجانە دەردێنن ..

( چۆلەکەیەک لە سنگمدایە
نە جێی دەبێتەوە
نە بواری هەیە بفڕێ ..
منیش
وەک ئەوەی
بچووک بچووک بووبمەوە
لەسەر دوگمەی کراسی ژنێک
ڕاکشابم
لە پرسەی ئاسکە هەتیوکەوتووەکان
دانیشتووم .. )

ئەی نهێنی سەر ئەندازی وجوود !
با ئەم پێکەیش
لە پەرستگای لایەنگیریدا هەڵدەین
ئەویدی ،
بۆ ڕێوڕەسمە بە جۆشەکانی
خانەقای ڕەهایی هەڵدەگرین

بۆ وەختێ ،
سەمای یاخیبوون
لە ڕووبەڕوو بوونەوەی تەوژمی
تاریکی و بێهودەیی
جەستەی هەڵکوڕوزاوی بەئێشمان
وێنەی باڵی گرانی
پاسارییەکانی بەر باران
بێ نەزیر.. ڕژد
لەسەر سواندە چۆلەکاندا
باڵ دەکەنەوە ،
دەلەیزن گەرم ببنەوە ..

وەختێ سەهۆڵ
ئاگری پێ خۆش دەکرێ ،
ساڵ بە پێش مانگ و
مانگ بە پێش حەفتە و
حەفتە بە پێش ڕۆژ
ڕۆژ بە پێش سەعات
سەعات بە پێش دەققە و
دەققە بە پێش چرکە دەکەوێ ،
ئێمە دەگەینە ڕەهایی
دەگەینە مەیدانی جەنگ
بێستانی تەماتە سپییە ڕەنگ تێنەگەڕاوەکان ..

( ئەگەر هەر کیسرایەک بووایە
گرفت نەبوو
ئەگەر هەر سوڵتانێک
هەر میرێک بووایە
گرفت نەبوو ..

بەڵام نە هی ئێمە
کیسرایەک و سوڵتانێک و میرێک نییە ..
ئاور بە لای ڕۆژهەڵاتێ دەدەینەوە
هەزار کیسرا
چاو زەق بۆمان ڕاوەستاون .
سەر بڵند دەکەین
سوڵتانەکانی گۆڕستانیش
لێمان
هەڵدەستنەوە ..
ڕوو بۆ باشور وەردەگێڕین
هەزاران هەزار شمشێری دوو دەم
هەڵکێشراون..)

چیا و مێرگ
بە قەڵەمڕەنگی ئەوان
دروست نەکراون
ئاوی ڕەوان
ئەوان ڕێیان بۆ
هەڵنەبەستووە ..
ئەوان شەپۆلیان ،
بە گەڵای سپیدار
نەبەخشیوە
سێبەر بگرن
ڕوناهی لە گیرفانی
تاریکایی بشارنەوە ..

ئەوان عاشق نین بتوانن
ڕێبەندانان سەفەر بکەن .
ئاسمان نەبا
لە زەوی ڕۆدەچوون
زەوی نەبا
کێڵگەی ئەسترییان ،
دەرزیئاژنی دەکردن
خۆخۆری و شەرمنی ئێمەش نەبا
تەنیا دەمانەوە ..

ئای نهێنی سەر ئەندازی وجوود!
مردم ئەوەندەی
ئادی ئەستیران بکەم .
لێم برِا ئەوەندەی
ڕووبار و دەریایان ئاو بدەم ..
ئەوەندەی دان بەسەر
جۆخین و خەرمانان وەر بکەم
نە ڕێگام دیتەوە
نە کۆدەکانم پێ کرانەوە ..
ئێستا بیابان چۆل نییە
شەبەقی بۆ کپ کردن ،
ئاگری ناو پووشە.. تەنیوەتەوە ..

ئێمەش هاتووین
چیامان بۆ چەند بیرە نەوتێک
چۆڵ کردووە
بێ ڕۆح ،
لە سەرابی بیاباندا
پاڵمان لێ داوەتەوە ..
نە قومێ ئاوی شینکاڵەکانمان پێیە
نە چەپکە گوڵێکی کێوی
خۆمان بە بیر بێنێتەوە ..
ڕووت و قووت
هاتووین چاومان بڕیوەتە سەراب
سەراب و سەراب و سەراب..

ڕەنگە ئەوە دوا عەشقمان بێ
خوایە وا نەبێ !
ڕەنگە دوا جارمان بێ
چەکەرەی چرۆیان
کرانەوەی گوڵان ببیێین
خوڕەی ئاو و قاسپەی کەو و
جریوەی مەلان ببیسین
خوایە وا نەبێ !

خوایە با ئەوە مۆتەکەیەک بوو بێ
ڕاستی نەبێ
بێین دار بەڕوو
لە تەنیشت بیرە نەوتان
بڕوێنین ..
ئاسکە کێویلەکانی کوێستان
لە حەوزی نەفرەتیی نەوت باوێین
خوایە وا نەبێ ..

شوباتی 2016

# وانەیەک لە سپێدەوە

ئەی ئێستا !
(ئێستا)ی لەتاراوگەی ڕەهاوە هاتوو
وەک قسە سادە و قووڵەکانی منداڵان ..
خەیاڵی ،
ئێوارە خەمبارەکانی ئاو و
کەزیی ئەستێرە داڕژاوەکان دەکەی ..
نیگەرانییەکی برووسکەدار
بەسەر ڕۆژ و مانگ وساڵمان تێدەپەڕێ ..
زەماوەندێک بوو
قەسیدەی
بەکڵاوڕۆژنەی کۆڵیتان
بەردەدانەوە ..

ئەی ئێستا !
سوڵتانی ون بووی بیابانان ..
کەشتی بێ چارۆگە ،
نامۆی لەگەڵ ئاودا ئێشکگر ..
شەوی گڕگرتووی
جەستەی ڕووتی
ئاوازە جەنازەییە کلۆڵەکان ..
لەوێ ،
لەبەرزایی وەحشەتناکی ئیرۆتیکادا
بوارێکی دژوار چاوەڕێمانە
دەنگ و ڕەنگی
لەبۆشایی مێینەتیدا دەلەرێنەوە ..

ئەی ئێستا !
گوایە تێشتت لە (هەزارمێرد) و
فراڤینت لە (چەرموو)دا خواردووە و
شەو لە مەیخانەکانی (ئوور)
مەست بووی ..
کوا ؟
کوا تێزی ئیرۆتیکا ؟
کوا باڵای ئەبەنووسیی
ساقییە چاوکاڵەکان
زرنگانەوە و کێشمانەی شارستانییەت کوانێ ؟

ئەی ئێستا !
بە کەنارێکدا دەڕۆین
تاریکیمان بەپێش کەوتووە
تاریکیمان لە دوو دەڕوا ..
هاوارمان ،
لە هاواری ناو مۆتەکان دەچێ
بە هەناسەبڕکێی خۆمان ڕادەپەڕین ،
بێدار دەبینەوە .

ئەی ئێستا !
مێینەتی مێژوو چی لێ هات ؟
پیاوەتی جوغرافیا کوانێ ؟
بە سۆزی (ئێستا)ی ئەوساوە
گوڵێکمان بداتێ
ماچێکمان بکا
لە ڕووناکییەوە هەڵێنجرابێ ؟

که ئێستا ،
پەرچەمی بەردەداتەوە
تەنیا ڕەشایی
لە ئاوێنەدا دەبینێ ..
ئەوە تۆی ئێستا
ئێرۆتیکانە
لەسەر کلیلی ژەنگاوی
بانکەکان
بە دیار گۆڕی
چەند جار هەڵدراوەی مێژوو و
نگینی چێژ
ڕاکشاوی ..
بیر لە ئاگرەی دەبەنگایەتی دەکەیەوە ..

*

پڕشنگی خۆر
بەناو قژی ئاڵۆزکاودا
دەچێتەوە سەر
ئەو توولە ڕێیانەی
بانگی پەرستگایانی ناگاتێ ..
(ئێستا) لەوێدا
بە هێمنی ،
غەریبانە گیان دەسپێرێ ..

لەوساوە وێنەی لێچووەتەوە
لەوساوە
بە لاپرسەنی نەدیتکان
لەگەڵ ئاودا دەنوێ و
لەگەڵ ئاودا
خۆی بە تاشەبەرد و
ڕەگی سپیدارەکانی کەنار دادەدا
ئەنکیدۆیانە ،
بەجەستەی ژنێکی ڕاکشاو هەڵدەخەڵەتێ ..

لەوساوە (ئێستا)
بووە بە مەملەکەتێکی کەس بە کەس نەبووی
بێ تەخت و بێ ناو و نیشان ..
لە غەفڵەتی بارانی ئێواران و
ئاسمانەی نەسیمێکی لەریو
لە شەوێکی نووتەک دەکا ..
هەرهەرایەتی مردووانی
تێدا زیندوو دەبێتەوە.

❊

ئەی ئێستا !
وێنەی هاوچەرخی دێرینی
لە خوێنێکدا گەوزاو
ڕەنگدانەوەی مانگە
بەئاسمانی تۆراوەوە ..
لەو ئاوێنانەی
لە شەڕەکاندا شکێنران و
لە دیمەنێکی نەدیتراودا
(ئێستا)ی دێرین
دێرینی (ئێستا)
دەدەنەوە ..

ئەی ئێستا !
تۆ نووکە ڕووناهییەکی سپی
بە لووتکە بێباک و ماندووەکانەوە شۆڕ دەبییەوە ..
گەردانەیەکی پچڕاوی
بەسەر جەستە ڕاکشاوەکان وەربووی ..

جوانییەکی ،
نە لار دەبێتەوە ، نە دەشکێتەوە ..
بەڵام هەرگیز ساف نابێتەوە ..
ئەوە دووکەڵی پەرت بووی
سپێدەدەمانی شارە
لە نهێنی هەڵدێ
بچێتەوە ناو نهێنی ..
خەون بە خەونەوە دەبینێ ..
ئاهەنگ لە ئاهەنگدا دەگێڕێ ..
گریان بەگریان دێنێ ..
لەوێ ،
لە پەژموورردەیی جەستە ئیرۆتیکاییەکاندا ،
لەبن باخەڵی سۆزاوی مێینایەتیدا
ژیان گوناهێکی بەردەوامە ..

لە پرسیارە بێ وەڵامەکان ..
شێوازێکە لە شێتیی
بەناو هارمۆنیای ڕەنگە گەرمەکانی
تابلۆیەکدا تێدەپەڕێ ،
ڕووت ..
ئاسودە ..
دڵخۆش بە کورتە خەونەکان ..
دڵخۆش بەو ئایکۆنانەی
نە وێنەی دێرینیان پێوە ماوە
نە ڕووناکی ئێستا !!

ئەی ئێستا !
بۆشاییە
بۆشاییە
بۆشاییە (ئێستا)
بە ڕووباران خوێنی
لەبەر دەڕوا ..
دەشتە بە پیتەکانی سۆمەر
لە (ئێستا)ی ئەوسادا
لەقووڵایی سەقامگرتووی زەوی
دەگیرسێنەوە ..
شەوی بۆیەکراو بە خۆڵ و خاشاکی
شەقامی مەیخانەکان
بە تریفەی وەهم دەدرەوشێنەوە ..

ئەی ئێستا !
تاجەگوڵینەی
وەسوەسەی جەستە پاڵکەوتووەکان !
مەڕۆ.. بمێنەوە
شەبەنگی ئەبەدییەت
بەکوێریش دەبینرێ ..
چاو ،
هێزی بینین
لە ڕووناکی نا
لە زەردەخەنەی خوداوەندان وەردەگرێ ..
قەسیدەکان بە ڕێگاوەن ..
ئێش ..
لەززەت ..
هێڵە چەماوەکانی ئیرۆتیکا ..
ئاسمان و زەوی
سێبەری شارستانییەتیان
حەشار داوە ..

ئێوارەت باش
پەلکەزێڕینەی هەوکردوو !
ئێوارەت باش
بێدەنگی دێرین !
هێزی تۆ
لە (ئێستا)وە هاتووە
(ئێستا)ی دێرین ،
دوا قسەی بە گوێی
دار و درەختان دەچرپێنێ ..
ئەمە ئەو (ئێستا)یەیە
ڕۆژانە لە دێرینی دەخوازین
تا لە باڵ (ئێستا)ی ئێستای بکەین ..

ئەو سرووتە نەخشە بۆ کێشراوانەیە
ڕۆژانە دووبارەی دەکەینەوە ..
ئەو قوولکە بەردانەن
لێمان بوون بە گۆڕستانی
بارانە مردووەکان ..
لێمان بوون بە دروشمی ئەفسانان
لە گۆشەگیرییەکی خۆڵەمێشیدا کۆ دەبنەوە
نیگایان لەو چاوانەیە
گلێنەیان تیا نەماوە
خاچی تێدا بچەقێنن ..
ڕێ لە پەپوولەی بناران و
کارمامزی دوندان بگرن ..

ئەی ئێستا !
خۆش بوو هەمیشە
بە گەنجیمان دیتبای
گەرم .. بە شەنگ ..
ئەفسووس
نە (ئێستا)ی ئێستای
نە ئێستای دێرین ..

خۆت دیوە
بەناوی گەشت
بەناوی ئایندە
بەناوی هەناسەی کوێستانان
سواری چ کەشتییەکی ڕەشیان کردووی
دەتبەن
لە بەحری زوڵوماتدا بەجێت دێڵن ..
قاقای پێکەنینیان
دەریایان تەی دەکا
ئۆقیانووسان دەبڕێ ..
درێغ تۆیش
ئێستایەتی خۆت
لە ئێستادا نەکرد ..
ئەی ئێستا !
سوڵتانی بێ تەختی ون بووی لمی بیابانان .

حوزەیرانی2017

# ئاماژە پرسیارپێچەکانی شوێن

ئەم دەقانە ، لەو خەونانە دەچن ، لە بێدار بوونەوەدا ،
بە پچرپچری بە بیر دێنەوە ..
هەوڵێکە لە ورد بوونەوە لە ( شوێن ) و ( ناشوێن )دا

- **بانیژەی جودایی**

شمشێری ئاوریشمینی لێ
هەڵکێشراوە ..
ئاسمانی لێ ونە ..
خۆزگە بۆ پەیمانەیەک دەخوازێ .

- **لە ناو توولی تەمدا**

ناخاینێ ،
هێندەی نەماوە دەبارێ .

- **پاردە**

خۆی ،
بە چیلەمێوەکەی تەنیشتیەوە ڕاگرتووە ..
لەوەتەی بڵێسە سەردانی دەکا ،
کەلارێکی بێ سامی بارکەوتووە .

- **دورگەی زاراوە**

بۆ کەسی باس مەکە!
گەوهەری بێدەنگی ،
گۆرانییەکی خەمباری
نیوەشەوانە ...
داری ئومێدی پێ شین دەبێ .

- **سێبەری دارەبەن**

باخچەی باران ..
هاوڕازی ئەستێران ..
خەو ،
لەو باوەشاندا
ئیکسیری ئارامییە
قووڵ ...
نەرم .

- **بەهاربەند**

مندالّی تەوتەمە بێ موریدەکان
جەژنا و جەژن ..
وەرزا و وەرز ...
دەگەڕێتەوە ...
نوخشەت لێ دیار نییە ، بزانی
چ دەبێ ، چ دەگوزەرێ .

## • ڕێژگەی ئاوهەڵدێر

بەفراوی ..
بە خوڕ ..
ژنان ،
دامەنی کراسی لێ پیرۆز دەکەن ..
پیاوان ،
گوناهی پێ دەسڕنەوە..
ڕێژگەی ئاوهەڵدێر
تەنیا لە چیاو کەپکان نییە
لە وتارانیش دەردەکەوێ .

- **کاول**

تۆدەڕۆی بە جێم دێڵی
پێگەیشتن خەون نییە ، مۆتەکەیە ..
چۆلەکەیش بێرەدا نایەن .

- **هێلانەی ژێر گوێسەبانە**

باڵداران هەڵەیان نەکردووە
مرۆڤ لەوێ هەڵدەدێردرێن .

- **گیرفانی جەنگاوەر**

نەینۆکێکی بچکۆلە.
وێنەی منداڵەکەی ،
گەواڵەیەک گریانی ئامادە ..
پێنج هەزاریەکی شین و دوانامەی ژنەکەی .

- **شۆستەی عاشقان**

هەست لە بێ سنوریدا دەخنکێ
شازادە ماچیان لێ دەدزرێ ..
خۆشەویستم بنووسە!
کامیراکان ناهێڵن لێت نزیک ببمەوە .

**• کەناری دادخوازی**

ئەو دەڤەرە ،
ڕووپێوێکی کوشندەیە ..
شیناوەردی بێزار کردووە ..
زۆرجار پەرۆشیی
سێدارەی لە دارستانەکاندا بۆ هەڵدەخرێ .

**• بەردەمراز**

لەوەتەی نیشتمانیان لێ ون کردووین ،
ڕێی بێچارەییمان گرتووە:
داماو ، لەبەر سێبەری خۆماندا
بەردەمراز هاوارە!

**• قەڵای تارمایی**

هەرزە..
بێ چاند..
بێ خەیاڵ..
بۆ جاری هەزارەم
عاجباتییان هەڵدەنێ ..
چەشەخواز ، بێباک
بۆ جاری هەزارەم
زارۆمان ،
بە جاری هەزارەم دەسپێرێ .

### • بنمیچی دووری

له بیابان فڕێدراوم ..
دەمم دراوەتەوە ..
فرمێسکم دڵۆپ دڵۆپ بەزەوی دەکەون ..
زمانم گۆ ناکا ..
دەیانبینم ،
شاباشم بەسەردا لێ دەدەن ..

## • گۆڕستانی پەپوولان

بەدوای شوێنەواری گۆرانییەکەوەم
بێ ئاگاداری ،
بێ ڕەزامەندی خۆم ،
پێشمەرگ
کفنیان بۆ ئامادە کردووم .

## • بەرئاستانەی ڕوانیین

لات .. کز
سەیری ئاسمانەی(تاسان) دەکا.

## • تەلانی برۆکانی

چرا لە دووررا دەبینرێن ..
ڕووناکی ،
بەلای لووتکەدا دەشکێنێتەوە ..
متمانەت پێ دەکەم
دڵە لانەوازەکەمت لە دەست دەنێم .

## • باوەشی نیگەرانی

بە هەورازێک سەردەکەوێت ،
ژیانی لێ نزیک بووەتەوە..
لێرە فێر بوو
دڵنیایی بە کوێ دادێ .

**• بیلبیلەی ڕێکەوت**

چرکە ئەبەدییەکانی لێ کۆ دەبنەوە..
خاکەڕایی تەنکەبەفرێکە تازە باریوە..
ناتوانم بڵێم دونیا سپی دەکا .

**• باڵی شەپۆل**

تۆقەڵانی بەخۆوێران..
ئەزموونی هاوسەنگی
هەستێک ، لەنەوای خۆماربوون دەچێت .

- **ئاگردان**

لە چاخە بەردینەکانەوە
لەو کسپەیە نەگەیشتم ،
بە پڕووشەیێ دەنگ دەداتەوە .

- **ناوەڕاستی ڕستە**

چ شەوبەکێوییەکی سەختە
ڕێگاکانت ،
بە (سەقەتایەتی) لێ بگیرێ .

### • پشتی بوراق

ڕاسپاردەکانم لە بیر کردووە
بمبە کەشەکەڵانی فەلەک!
لە ڕێگادا ، بیرم بێنەوە ..
ئێستا و دوارِۆژیان
لێ بە تاڵان بردووم
بمبە کەشەکەڵانی فەلەک
شایەد بیانهێنمەوە .

### • کووچەی بنبەست

لە چۆلایی ، چۆلتر..
لە خەم ، غەمگینتر..
لە دەستبەتاڵی ، بێ ئیشتر..
قەڵەمڕەوێکی بێ حاکم .

• **ناخی تەنیایی**

ئۆقیانوسێک گریانی تێدا قەتیس ماوە ..
چیایەک لە هەنسک ..
قەسیدەیەکی سەر بڕاو ..
ڕۆمانێکی زیندانی .

• **ڕۆژهەڵاتی نیگا**

تۆم بینی ،
یاقوتێکم لە خۆمدا
دۆزیەوە .

**• دڕاڵەی چۆل**

وەختێک خەونەکانمان ،
هاتووچوویان پێدا دەکرد ..
سەردەمێک ، (ئازیزە)ی ژوانی پێ دەکرد .

**• بۆشاییی با**

جوانی ،
لێرە زەفەری پێ دەبڕێ..
قەڵای دڵ ،
لە وێدا ، لە بۆشاییی ماندوویدا
داگیر دەکرێ ..
لە داد مەپرسە !

## • ئەو سەری پەرەگراف

ئەتمۆسفێری گیرسانەوە لە ڕستەی ،
(بڵێی تا سەر بێ) دایە .

## • مۆڵگەی بوونەوەران

بوونەوەر ،
چاوی شەیدایان
لەگەنجینەی سەروبنی دونیا دایە
ماڵ و مۆڵگە
بە (میم) دەست پێ دەکەن .

**• بناری چاوەڕوانی**

بەبیرت دێتەوە
چ تافتەیەکی باڵانوێنت لەوێ بەجێ هێشتبوو ؟
لەوێ لەناو گەرداوی گومان ،
لە داڵانە بێ کڵاوڕۆژنەکەدا:
(لاوک)ێک بوو لە فرمێسک
(هۆرە)ی ماڵئاوایی..
(ئەڵلاوەیسی)یەک لە داخ ..
بەبیریت دێتەوە وتم:
ئەگەر بڕۆی برینەکانت دەدەمەوە؟!

شوباتی 2017

زەردە لە سەران بێ
لە سیما قەوزەدارەکان زیاتر نەبینێ
کەس چاوەڕێت نەکا ..

« خۆشبەختین هەست بە ئازار دەکەین
واتە هێشتا زیندووین »
وی هیوی
لە ڕۆمانی ( هاوسەرگیری لەگەڵ بوزا ) دا

ئێمە لە کوێین
بەو سەخاوەتە بێ وێنەیە ،
میوانداری بکوژانمان دەکەین؟

چاو لە بێبەریایەتی
خوداوەندە لە مەرگ تێرنەبووەکان ،
کە نێردەکانیان
پیاسە بە زەنوێراندا دەکەن
چەهرەی تۆزاوی منالأنیش
لە بادەیەکی گڕ گرتوودا
بە تەزرە و چوالە دەخۆنەوە ..

بێدەنگی کاول و وێرانان ،
سەرشارن لە بۆشایی ..
فریشتە چاویان
بە نیگەرانی دەشۆن
بەدوای خەونێکەوە نایبینن ،
وێنەی ئەو پەڵە هەورانەی
لە ئاسمانی ئێمەدا چڕ دەبنەوە
بەسەر خاکی دی دەبارن ..

کاروانی زێڕپۆشی پاییز
باریان لە تەنیشت تەلبەندە نەغمەدارەکان
لێ خستووە ..
بێ هەست ..
بێ گیان ..
بە سیمای ڕووشاوی ڕۆژگارەوە
لە موچڕکێکدا دەردەکەوێ ..
پەیمانەیەک ،
لە شەرابی درەوشاوەی پەرییان ..
چەند چڵێک
لە ڕوناهی ئەو ئاگرەی
هەڕەشەی پێ دەکرێ ..
پرسیارێکی سەردەمنوێنە ..

هاونشین ..

بێ وەڵام ..

چاڵی گومڕایی ..

مێژووگوزەر ..

کۆن ،

لەوەتەی دونیا هەیە ..

نوێ ،

چەند چرکەیەک لەمەوبەر ..

دوورگەیەکمان
بە خۆمان دروست کرد ،
لێمان نەڕوانی
ساویلکە بە خۆمان دەچووین :
باران لە ئامێز و
فرمێسک بەسەر شانەوە
ڕۆحمان ڕوو لە هەوراز ..
چاوەڕوان ،
پەنجەرەیەک بکرێتەوە..

پەنجەرە
نەک کرایەوە ،
لە بێخەوە هەڵتەکا ..
لە شەشپاڵووی کەڕولاڵمان
زیاتر نەدی !!
کە بووە بە قوللە و کاژی دڵمان ،
لە سواڵی بەر دەرگای ئاسۆدا
قوڵنگی بۆ بخەینە سەرشان ..

چراوگ نەکوژاوەتەوە ..
فریشتە جوانن
جوانن برادەر !!
شاعیر باکی نییە
ئەوەی لێی دەشارنەوە ،
بە خەون دەیبینێ ..
لە بەهەشتیش دەربکرێ ،
دۆزەخی قبوڵی دەکەن .

باکی نییە شاعیر
بۆ چەند ئەستێرەیەکی کوژاوە
یا ئێوارەیەکی کەیل
ئاو و هەوای لێ ببڕن .

ئاوازی مەست باکی نییە
لە یەک کاتدا بەسەر پێخەفی بێ چارەییەوە ،
سەرجێیی شادی و خەم دەکا ..
لە یەک کاتدا برادەر!
لەو گەمەیەی
ئادەمزاد
ناویان ناوە جووتبوون ،
نقوم دەبێ ..

هاوارێک ،
لە ڕەنگی زەردهەڵگەڕاو و
سیمای قەوزەدارمانەوە
باڵدار ئاسا
ئازاد .. شاد
ئاسمان تەی دەکا ..
دوور نییە ڕۆحمان
بێدار بکاتەوە ..
ژەنگی درەختان بوەرێنێ
ڕەنگەکان ،
کە شەویان بەسەر دادراوە
بە بەندەری سۆزدا بگەڕێنێتەوە
کژێک دا بێ
نیشتمان
بە چاوی کوێریشەوە ببینرێ .

ئۆکتۆبەری 2017

## یوسف
## بۆ براکانت خستە بیر و
## وتت گورگ خواردنی ؟

با ،
دوور لە ئومێد
پەپکەی خواردبوو ..
لە دەنگی خرینگە زیاتر نەدەبیسترا ..
بە قووڵایی بیر ،
لە بەر سێبەری بێدادیدا
دەدرەوشایەوە ..

لە ژێر چ سرووتێکی هەڵوەدادا بووی ؟
لە تافی چ شادییەکی بەلەنجە ؟
بیرت لەوە کردەوە ،
براکانت بخەیتە بیر یوسف!

❊

یوسف!
تۆ لە هەموویان جوانتر بووی ..
لە هەموویان خۆشەویستتر ..
خۆر و مانگ و ئەستێرەی ئاسمانان
بۆ باڵات دەنووشتانەوە..
ئیرەییت بە چییان برد ؟
یوسف
براکانت بۆ خستە بیر و
وتت گورگ خواردنی ؟!

❊

ئێمە کۆمەڵێک مردوو بووین ،
ماندوو
لە زەماوەندی ستەم گەڕابووینەوە
پاڵمان بە دیوارێکی ڕووخاو دا بوو ،
تۆمان دی لە بێدەنگیی سپێدەیەکی ئارایشتکراودا
کراسە بەخوێن کراوەکانیانت بە دەستەوە بوو
لە دوور ڕا ،
بە چەند ئاڵایەکی تەسلیمبوون دەچوون
بە ڕیتمی هاواریان پێدەکەنی ..
یوسف
براکانت بۆ خستە بیر و
وتت گورگ خواردنی ؟!

❊

نەخشەی تەمەنت هەمووی
بە قوربانی ،
تاخچەیەکی پەمۆیی
کۆشکی عەزیزی میسرێ کرد ..
ئەشکەوتێکی چۆل بوو ،
تەنیا دەنگی خۆتت لێ دەبیست ..
بە تەنیا خۆت تیا دەدی ..
( زولەیخا ) ئەو تریفە بە خەرمانە نەبوو یوسف !
مەوداکان ،
لە ساتێکی هێدمەگرتوودا ببینێ ..
بۆ براکانت خستە بیرەوە و
وتت گورگ خواردنی ؟!

❊

زامی بەفر
تارمایی شکۆفە
کوانووی سارد ..
لە کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵیدا
تاوتوێی هاوارە دوایی نەهاتووەکانی
بن بیریان دەکرد ..
با ،
نهێنی بۆ دیوان لێ دەدزین..
ئاڵۆز بوو ،
لەخۆنووسانێکی ئاڵۆز
ژوانی ناوەختی
یوسف و بیر ..
❊

هەتاوی کوژاوە ،
نم نم
بەسەر جەستەی برایاندا
دەڕژایە خوار ..
"زولەیخا خەونێکە
لە ئەندێشەی منالآنەمدا .."
وەهای گوت یوسف .

❊

کۆمەڵی مردووان ،
هێشتا بە پاڵ دیوارەوەن ..
جەستەی کەڵەکە بووی براکان
لە ( بیر ) ی بێ هاوار ... بێ بانگ
شێتایەتی سرووشت ..
خەوی ئەبەدی ..
یوسف لە کۆشک ،
درەختێکە بە تاریکی تەرز داوێ .

کانوونی یەکەمی- 2016

# مۆنیۆمێنتێک بۆ لەبیرچوونەوە

سێبەر و سێبەر
بە دوای نیگار
بە دوای چاودێرانی ئاگر ..
هەوری ئاسندار ..
ژنانی گوێ قوڵاخ
بە جەوهەری کوێری ڕاهێنراو
بە دوای دەنگی پێی
ڕەخشی بەجێماو
لەو ڕێیانەی ،
شارستانەتی شەڕ و
شەڕی شارستانەتی
تیا بەرپایە ...

ئادەمیگەلی
دەست بە بەردی ئەشکەوتان گوراو
چاو بە بەفری کوێستان ڕشتوو ..
ئاسمان
بارانی لێ گرتنەوە
خۆیان لە سرەوتنی کلۆرایی
درەختە ڕووتەکان و
کەناری
چۆم و ڕووبارە نەقشبەستووەکان
بینییەوە ..

ئەنکیدۆ
هێشتا لە جەنگەڵستانە ..
تەخت هەڵنەنراوە
گەلگامشی لەسەر دانیشێ ..
مەیخانە ئاوا نەکراون
لە کونجە تارەکانیاندا
بچێتە خەڵوەتی ئارەزووەکانی ،
لە ناو شکارتە هەڵچووەکان
ڕێ لە پاکیزان دەگرێ ..
❊

بوارێکی سەخت
چۆلەکە شەکەت
وەک ئەو عاریفانەی
درک بە گوڵ دەبینن ،
بە گۆڕاییە بەردینەکانەوە وەربوون
بەروبوومی ئاسمان
ببەنەوە هێلانە ،
وێرانەیێ جێنیگای
هەمووەمانی پێوەیە ..

له یادەوەریماندا ،
بە ئێشی ئەشکەنجەدان دەچێ
لە ڕۆژێکی سڕەدا ..
لە گەڕانەوە بۆ خود
هەنگاوی یەکەمی لێ هاوێشترا
یەکەمین بزەی تیا پشکووت
چاوشارکێ ،
بۆ سێوێک
ژیانی هێنا و
ژیانی برد ..

سترانێکی تەواو نەکراو ..
ئەفسوونێکی باڵ کراوە ..
بەسەر ڕەهایی
کاتە پسۆکە وەڕسەکاندا
دەفڕێ .. ناگەڕێتەوە ..

❊

هەڵەمان کرد
لە نانمان زیاتر ویست ..
هەڵەمان کرد پێمان گوتن
نەتانهێشت خۆشمان بوێن ..
هەڵەمان کرد
بۆ مەوسیمی
چاوغایەنیی ، بێ چاندیی ، ژەهراوی
نووشتاینەوە ..
هەڵەمان کرد
نوێژمان ،
بە کەبارێکی ناوەخت دا ..

شەپۆلی نوور
قژی کیژە گۆشەگیرەکانی
مەستتر دەردەخست
سێبەری ژیارێکی بەرەواژ بوو
شەبەنگی بە ژاوەژاو بەخشی ..
دەنگی لە بێدەنگی خواست ..
هەڵەمان کرد
وەنەوشەی تەلانانمان ڕاوەشاند ..
لە ئاوی لێڵمان دا ،
لە بڕە ڕازاوەکان نەپەڕینەوە ..
هەڵەمان کرد
هەوڵمان دا ،
نووزەی گجوولە بەرەڵڵاکان
تێکەڵ بە چینکە و پرووشەی
چۆلەکان بکەین ..
هەڵەمان کرد .

❊

مۆنیومێنتێک
بۆ هەوری ئاسندار
بۆ ژنانی گوێ قوڵاخ
بۆ خۆخواردنەوە
بۆ باران ،
لە پاشماوەی
پێکە بە دزی خوراوەکان هەڵدەنێین ..
سەمفۆنیای شێتایەتییە ،
پرچی پیرۆزگریی ڕادەکێشین
نووزەی
تووتکە هەتیوکەوتووەکانمان دێتە دەست ..

ئاوریشم ،
پۆلای پێ خوار دەکرێتەوە ..
ئێوارە بە شەتاوێکی تۆزاوی دووگیانە
ئاگر جەنازەی بەفری لە کۆڵ ناوە ..
ڕووبارە کێویەکان
ڕێیان ،
لە چاوی کوژاوەمان گرتووە ..
خوانی شەو
سرووتیی ڕەهێڵە و گەردەلوولە ..
شەهدی مێژوو
بە ئاوێنە تڵخەکاندا دێتە خوارێ
چۆلەکە
گۆڕاییە بەردینەکان بەرنادەن !

خاکی پیر
جەستەی درزبردووی خوێناوی
لە خۆرێکی بریندار دەچێ
بە ئامێزی لەرزۆکی
ڕەشەبای لە باوەش گرتووە ..
چۆلەکە
گۆڕاییە بەردینەکان جێناهێڵن !

ئای گۆلی نەدیتراو و نەبیستراو!
هەواری غەریبی !
بانیژەی ئەستێران !
چاوت لێیە ؟
بەدنیهادی دەبینی :
درەخشان ..
دوور لە دڵ ..
نزیک لە خوێنی بەفیڕۆدراو
لە ودمی ون بوون ..
لە چ سرەوتنێکی ئارامدایە ؟
کۆخەکانی ئومێد ،
چۆن هەڵدەدرێنە خەرەندەکانی
نۆستالیژیا ؟

ڕووتتر دەبنەوە گوڵەگەنم
چۆلتر دەبنەوە خەرمان ؟
پەراوێزێک ،
بۆ خۆدزینەوە لە ئێش
خۆدزینەوە لەو فرمێسکانەی
شێوەی شەونم دەدەن .. نامێنێ ؟
❊

به پێشبینییەک ،
تەنیا عاشقان
پەی پێ دەبەن
بێدەنگی ،
بە بەنگکێشی و
خەوی زڕاو و
سۆزانییە سەر بڕاوەکانی
کووچە و شەقامان دەشکێنرێ ..

نووزەیەکی مەست
بەسەر لمی کەناردا کەوتووە ..
باران
کە لە شەڕی ئاژاوەدا کشاوەتەوە
مۆسیقای خەمباری ،
بەسەر هەواری دێرین و
ئەو چۆلەکانە پەخش ئەکا
لە گۆڕاییە بەردینەکان
پرووشە دەکەن .

کانوونی یەکەم 2017

## تەلارساز و
## هەندێ لە زیندەخەونەکانی ..

چی خەم هەبوو
لە (مەرگ)م داکەلاند
بە گوڵستانم سپارد ..

شەو لە من نابێتەوە
شەو كرێوەی كانوونە
تێم ئاڵاوە..
ڕەنگی بەیانیانی
لەبیر بردوومەتەوە..
جلەكانم ،
قەڵەم و پرگاڵەكەم
كە هاوشانی (نان) بوون ،
خرانە كارگەی ئالوودەیی ..
پرسیارەكانم ،
بەڕووتی
لە نەخشەی شێوێندراوی
گۆڕەپانی سەردەمدا دیتەوە ..

❊

به خۆم باخچەم نەبوو
سەوزایی ماڵهاوسێ
چاوی ڕوون دەکردمەوە..
گۆڕستانم ،
لە سەربانەوە لێ دیار بوو
شەوانە
کە خەمم
لە مەرگ دادەکەلاند ،
مردوو
ئاهەنگیان دەگێڕا ..

سەمایەکیان دەکرد
پێشتر نەمدیبوو ..
شاییەکیان دادەبەست
لە باڵکوتانی پەڵەهەوران دەچوو ،
لەباتی دەسماڵ
خامۆش خامۆش
مێژوویان بادەدا
وێنەی ئەو هەناسە ساردە
گوڵگوڵییانەی ،
بێ خاوەن
لەسەر سنووران کەوتوون ..

❊

وەک (نەی)یەکم
لە گۆشەیەکی خەرابات هەڵپەسێردراو..
ڕۆژگاری مێش و مەگەز
دیمەنەکانی ،
لەبیر بردوومەتەوە..

دیمەنی دایکم ،
چاوەڕوانی هەمیشە چاوەڕوان ..
دیمەنی پەیژەی قوتابخانە
تۆی لێ دەوەستای بتبینم ..
دیمەنی باوەشە بەپەلەکانی
پاڵ داران..

❊

به تەققەی بووکنیان ،
کە شەپۆلیان
بە بووک بۆ ڕووبار دەهێنا ،
بێدار بوومەوە
پەشێو ... پڕ
چاکەتە بێبەرەکەمم پۆشی
کە پار لە لەنگەم کڕیبوو
هێشتا تۆزی بەختیاری
پێوە مابوو..
ئاسوودە..
شاد بەوەی ،
لەکۆڵ زنجیرەی مۆتەکان بوومەتەوە...

ڕووم کردە مەیخانە..
شوشە و پەرداخی مەیخانە
پڕ بوون لە نیشتمان..
ساقی بەشەوقەوە
لە پێشی دادەناین ..
(نیشتمان)ی ئەوێ
لە مەستی و خۆشخوانی زیاتری
نەدەزانی..
ئاگر و
ڕووباری شەرابی حەفتڕەنگی
بەهەشتی تیا تێکەڵ دەبوو..
بە پێکێکی موقەددەس ،
ئاسمانی کەیل دەکرد..

❊

مەیزەدە ،
لە پەنچەرەی ژوورە هەڵیساوەکانەوە ،
تەماشای
کۆڵانە تێکچڕژاو و
شەقامە قوماشییەکانی
بەهەشتمان دەکرد ..
جارجار
شەڕی بەهەشتییانمان دەدی
کە لەسەر جۆیبارەکانی مەی و
کەژاوەی (حۆری)یان بەرپا دەبوو..

تەلارساز ،
لە شوورە کڵپە گرتووەکانەوە
تەنتەنەی ،
چیا بەرزە لە حیکایەتی سیزیف شۆراوی ،
بەهەشتی دەدی ..
نووریان لێ دەکوژایەوە..
ڕەنگیان تێدا ون دەبوو..

تەلارساز ،
لەنێوان مەستی و زیندەخەودا ،
ئەو ژنانەی بەبیر دەهاتنەوە
ئێوارەیەکی ڕاکشاو باڵیان گرت و
مەمکیان بە با سپارد و
لە نەخشەدا ڕەش بوونەوە..

ئەو ژنانەی ،
چاویان لە زریان دەتروکاند ..
نووریان لیَ دەبووەوە ..
هەندیَ سەربازی کەڤڕان بوون
هەندیَ پاسەوانی باران ..
دەیانویست بەرەو لووتکەیەک بفڕن
مەرگی نەبینیبیَ ..
ڕەنگی خۆیان ،
لە ئاویَنەدا دەدیتەوە ،
هیَشتا باڵیان نەگرتبوو
نهیَنیی پڕشنگە کاڵە چویتییەکان بوون ،
سۆزی پیاوانیان گڕ دەدا ..
❊

تەلارساز ،
بازنە و سێگۆشەی
لێ تێکەڵ بووبوو
بەدوای سێبەری بەفردا وێڵ
پڕ ببوو لە بۆشایی ..

*

لەودیو پەرژینە کەسکەکانەوە
تەلارساز چی بکا ؟
خاک دەبینێ
خەو لێ زڕاو ،
بێهودە.. کەلەکان دەگۆڕێ ..
کەس نییە بیلاوێنێتەوە ..
هەموو
ئەسپێ و کوللەی بەسەردا
بڵاو
دەکەنەوە..

تەلارساز چی بکا ؟
ڕۆژی سێ جار
چوار جار .. دە جار
دەیکوژن و
لە وێنەی ئیسفەنجێکی پانبووەوەدا
زیندووی دەکەنەوە ..

لەودیو پەرژینەوە دەیبینم
لە داخا ،
بە دارە ڕەق و وشکەکان
خۆی نەهێشتووە
لە تاوان
دەقیژێنێ و ڕوومەتی دادەڕنێ ..

❊

شەو درێژ بووەوە
با ناهێڵێ
پێکێک هەڵدەین
جگەرەیەک داگیرسێنین ..
گەڕاین..
تا لێمان بڕا گەڕاین..
مرواریی بەختمان نەدۆزییەوە..
خاک ،
مەحکوومە بە بێمانایی ..
بە ترسی لەناکاو..
دەماری گەنجیەتییان بڕیوە..
دڵی ،
لە دڵی مەلۆتکەیەکی پیر دەچێ
بێ لۆچ ، بێ یادگاری ..

تەلارساز چی بکا ؟
چرا هاوسەنگیی لەدەست داوە
نە ڕووناکی دەدا
نە دەکوژێتەوە !
گەڵای کەناران ،
لە هەموو لایەک
سەنگەریان لێ گیراوە..
هاوارێکی کپکراو
لە دووڕا دەبیسترێ
ئازاد.. بەڵام زەلیل ..

❊

هەزاران ساڵە هەی ،
چەنگە ڕووناکییەکت
بۆ ڕۆژە تاریکەکان هەڵنەگرت!..
بستێکت لە هاوین ،
بۆ زستانە درێژەکان
گل نەدایەوە! ..
ڕێژنەیەکت ،
بۆ وشکەساڵە یەک بەدوای یەکەکان
دا نەکرد! ..

تەلارساز چی بکا ؟
وڵاتایەتی وا دەبێ
خاکی زامە کراوەکان ؟
بە بەرچاوی تۆوە ،
ئاگر بسووتێنرێ ؟
شەختە لە سەرما ،
هەدادانی نەمێنی ؟
وا دەبێ ؟
وڵاتایەتی وا دەبێ؟!

❊

به لێوارەکانی (ئاسیا)دا
دێمە خوارێ ..
شارستانەتی هەموو دونیایان
لێ بار کردووم..!
لە گوندی هەزارەم..
لە شاری هەزارەم..

لە کەنارە بەردەڵانەکان
لە باسکە ڕووتەنەکان ..
شەوی هەرهەریم
بەسەردا دەدەن و
بەجێم دێڵن !
ڕێگام ،
بە هەنییەی نوورانی فریشتانیش
پێ نادۆزرێتەوە .
بە ژێر تەوژمی دڵڕەقی بادا تێدەپەڕم
دڵم بە نۆستالیژیای
هیواوە خۆش دەکەم
کە دێت و نایێ ...

تشرینی دووەمی 2016

# نیشتمانە باڵدارەکان

ئاگات لەو دەنگانە بێ
بە ماندوویەتی دێن!
ئەو زیندانانەت لەبیر بێ
خۆمان دروستمان کردنەوە!
ئەو ئاسۆیەت بێتەوە بەرچاو
هەموو لە هەمووی بەخشش بوو! ..

چیرۆکی نیشتمانە باڵدارەکان
لێرەوە دەستی پێ کرد:
خاک توورڕ درابوو
لە شەڕ و
خولیای خەمهێنەر و
زەنگی بێزاری
لێ نەدەبینرا ..
بینایی کز ..
کوێرەڕێگایەک نەما
هیوای تۆزاویمانی پێ بسپێرین !

ڕێژنەیەک
لە ئارەزوویەکی ئەفسووناویدا خەملیوە ،
بەسەر دارستانی دڕنداندا دەبارێ ..
چڕتر لە ،
سێبەری درەختی کەناران
ئاوی لێ کەسک دەنوێنێ ..
شازادەیەکی ڕازاوە
پیاسە بە شۆستە و شەقامە وەهمییەکانی دەکا .

نیشتمانە باڵدارەکان
ئەوانەی
لەبەر شەڕ و
خولیای خەمهێنەر و
زەنگی بێزاری باڵیان گرتووە ،
نە مزگەوتیان تێدایە
نە دێر و کەنیسە و
نە هیچ پەرستگایەک ..
سێویان بە تاقگاندا دێنە خوار ..

پەیتوونیان
بە کووچە و کۆڵانان دێ و دەچێ ،
دەنگی سمی ئەسپەکانییان
لە بزاڤی ڕۆژانەی
بەرد و چەوی
ڕووبار و زێیان دەچێ .

پەلکەگیا لەو نیشتمانانەدا
هەر دەمەی بە ڕەنگێ دەردەکەون .
دانیشتوانیان غەمگینیش بن ،
شیرینی لە ژاڵە
شادی لە خەم هەڵدەهێنجن ..

مردووەکانیان دەخەنەوە سەر زەوی .
مۆسیقایان بە ڕیتمی فڕینیانە ..
گۆرانییان ،
باسی مەستی و
پەسنی هەوای خوا و
ئاسمانی فراوان و فرەچین دەکا .

مێژوویان ،
لەگەڵ مێژووی هەڵۆ و
قومری و
چۆلەکە و
قورینگ و
نەورەسان دایە ..

قوتابخانە و نەخۆشخانە لەو نیشتمانانەدا
لە میوانخانەکانی خواوەند دەچن ..
زانست ،
لەئیکسیری وردبوونەوە و
کوانووی ڕوونبینی و پۆشتەکردنی با و
ماکی گەوهەرناسی و
مژدەی مەرگی لەخۆنووسان فێر دەبن ..

مێژوو ،
لە کۆیلەیی و پێناوی و گومڕایی زەوی ..
دەرمان ،
لە ڕەنگی کازیوە و
تریفەی نیوەشەوانی مانگ و
فەلسەفەی ئەشکەنجە
دروست دەکەن .

نیشتمانە باڵدارەکان
بە دەگمەن شەڕیان تێدا دەبێ
شەڕ لەو نیشتمانانەدا
وەک شەڕی
نیشتمانە وەستاوە بۆگەنەکانی
سەر زەوی نییە ..
لەوێ ڕکابەرایەتی
لەسەر
بەرزفڕی و
بڵاوکردنەوەی ئۆکسجین و
جوانیناسی و
فەنتازیای ئاواز و
هەنیە و گۆنای درەوشاوەیە ..

ژنان لەو نیشتمانانەدا
بەزەردەی بەیانی و
نەشئەی خەون و
سۆمای سروە و
سێبەری پاکیزەکانی چیا
خۆیان جوان دەکەن .
باڵایان
لە خەندە دڵگیرترە..

نیشتمانە باڵدارەکان
ئاژەڵی دڕندەی لێ نییە ،
هەموو ئاژەڵەکانی دۆستی مرۆڤن
هەموو مرۆڤ دۆستی ئاژەڵ .

پێوەندی لەو نیشتمانانەدا :
هەموو بەرپرسیارە لە هەموو..
پاشا لەو نیشتمانانەدا
لە کرێکاری کارگەکان ماندووترە
باڵی فڕین ، فڕینی نیشتمان
پاشا ڕایاندەوەشێنێ ..

به شنەبای تۆقەڵانانیان
خۆیان فێنک دەکەنەوە.
نەوت و گاز وکانزای لێ نییە
چرا و گڵۆپ و سۆپاکانیان
بە شیعر و مۆسیقا کار دەکەن
ماڵێک لە مانگێکدا
چەند کۆپلەیێ شیعر و
چەند پارچە مۆسیقایەکی بەسە .

شیعر و مۆسیقا
لە ئاسمانی هەرە بەرزەوە
بەسەر کۆشکی پاشادا دەبارێ
ئەویش بە یەکسانی
بەسەر هاونیشتمانیانی دابەش دەکا .

شاعیران لە نیشتمانە باڵدارەکان
ئیرەیی بە شیعری
ئاسمان نابەن ،
ئەوان جیاواز دەنووسن ..

نیشتمانە باڵدارەکان
ڕۆژنامە و ڕادیۆ و
تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتیان نییە ،
سەر ئاسوودە
پێکەوە دەژین ..
فڕۆکەشیان نییە
خۆیان باڵیان هەیە دەفڕن ..

یەک زمانیان هەیە
هەموویان
بەو زمانە قسە دەکەن و دەنووسن .

تاکە گرفتی نیشتمانە باڵدارەکان
هەڵم و دووکەڵ و
نیفاق و دووڕوویی و
هەوای پیسی زەوییە
زۆر جار ناچاریان دەکا
بەرز و بەرزتر ببنەوە .

ئابی 2017

**هەولە چاپکراوەکانی**



## 1) لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا

- ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد**1984**،بەناوی خوازراوی (پاکزاد محمد کریم)،چاپکردن وبڵاوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ( لەشاخ) - چاپی دووەم بەناوی سەریح ، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین**1991**.
- پرۆژەیەك بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە کوردی - لێکۆڵینەوە - گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بەغدا ، پایزی**1986**.
- هەڵەی چاپ ، ئەمڕۆ و ئاسۆی دواڕۆژ - لێکۆڵینەوە - بە دوو بەش ، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا **1988**
- وێنە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و بەکارهێنانیان لەڕۆژنامەگەریی کوردیدا - لێکۆڵینەوە - بە سێ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە **85**و**86**و**87**)ی**1990**.
- برایەتی: یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا. لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیا - چاپی یەکەم گۆڤاری(یەکگرتن) - هەندەران (دانیمارك ) ، چاپی دووەم چاپخانەی خەبات**1991**. چاپی سێیەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر **1997**.
- ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان( ئاداك **ADAK**) پرۆژەی دامەزراندن وبەڕێوەبردن - لێکۆڵینەوە - ڕۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە**1993**، چاپی یەکەم بە کتێب هەولێر**1993**، چاپی دووەم بەکتێب چاپخانەی خەبات دهۆك**1997**، چاپی سێیەم هەولێر**2005**.
- درەختی بنکۆڵ کراو: پەنجەنمایێکی ڕۆژنامەنووسییانە بۆ باری ڕووناکبیری وکلتووری کوردی - چاپی یەکەم کوردستان**1995**، چاپی دووەم سوید**1996**،چاپی سێیەم - هەولێر**2006**.

- ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا، وتار لە بارەی ڕۆژنامەنووسییەوە ، چاپی یەکەم هەولێر ـ کوردستان2005.
- ڕۆژنامەگەریی کوردی ـ چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیك وهونەرەکانی ، چاپی یەکەم هەولێر1999،چاپی دووەم 2006.
- شار لە هەڵبوون وکوژانەوەیدا ـ وتاری ڕۆژنامەنووسیی چاپی یەکەم2005.
- میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا – 2017

## 2) شیعر

- ئەوشەوانەی خەوم نایێ : چاپخانەی (النعمان)نەجەف ـ1977
- تاڤگەی مەند. چاپخانەی (شفیق) بەغدا ـ 1987.
- چەندکۆتەلێکی جەنازەیی: چاپی ئیتاڵیا 1994 ، چاپی کوردستان دهۆك 1995.
- هەندێ لەوشوێن پێیانەی بەسەرشەختەدا مابوونەوە ـ چاپی یەکەم کوردستان 2005.
- تاڤگەی مەندوئەوانیتر ـ کۆی 4 کۆشیعر پێکەوە ـ چاپی یەکەم کوردستان2005.
- بەو ڕێیانەدا تێپەریم لەو کانییانەم خواردەوە ـ چاپی یەکەم2010.
- ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو ـ چاپی یەکەم 2015.
- کەویە بەفرەکانی دۆزەخ ـ چاپی یەکەم کوردستان 2016
- تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەکانی .. ـ چاپی یەکەم 2018

## 3) لەبواری وەرگێڕاندا

- نووستوی بەرباران: شیعرلەفارسییەوە ـ چاپی یەکەم بەغدا 1980، چاپی دووەم بەزیادکراوییەوە ـ هەولێر ـ کوردستان 2005.
- ڕێگاوبان، پێنج چیرۆکی درێژ و شانۆنامەیەك لەنیکۆلای خایتۆفەوە ـ چاپی یەکەم،چاپخانەی (الحوادث) بەغدا 1983، چاپی دووەم هەولێر ـ دەزگای موکریانی 2005.

- سەرەتاییێك بۆتێگەیشتنی هونەری شێوەكاری. چاپی یەكەم چاپخانەی(حسام) بەغدا 1986.
- چاپی دووەم ـ هەولێر ـ دەزگای موكریانی2005.چاپی سێیەم ـ هەولێر2015.
- چەندنامەیەك بۆ تارانتابابۆ: نازم حیكمەت ، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە.چاپی یەكەم ـ چاپخانەی (الزمان)بەغدا 1990،چاپی دووەم ـ سوید ـ كتیبخانەی ئەرزان. چاپی سێیەم كوردستان 2005.
- دایكی كورد ـ دانییێل میتران وەرگێڕان لەعەرەبییەوە،چاپی یەكەم 1996، چاپی دووەم 2011.
- شوانی بۆشایی ـ شیعر ، چاپی یەكەم ـ كوردستان 2010.
- سترانبێژی شەقام ـ شیعر ـ چاپی یەكەم 2018
- خەونمان بۆ زستان دی ـ شیعر ـ چاپی یەكەم 2018

## 4) پیشانگاكانی كۆلاژ ـ ناوەڕۆكی 5 پیشانگا

- پایزی چاوەكان ، كۆلاژ لەتاراوگەی شیعردا وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ هەولێر1998
- چاوەكان هەمیشە چاوەكان، كلاَوڕۆژنەیەك لەشەختەدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری 1999
- دیسان چاوەكان چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری 2005.
- شرفه ـ بەزمانی عەرەبی ، چاپی یەكەم چاپخانەی خەبات دهۆك 1998چاپی دووەم بەكوردی بەناوی ( گەمەشاراوەكانی با ) ، بەوەرگێڕانی نەجات حەمید ئەحمەد وپێداچوونەوەی نووسەر 2008.
- ساوی شتان لەفۆتۆگراف دا ، چاپی یەكەم 2008 .
- هونەری كۆلاژ – مێژوو .. تەكنیك .. ئەزموون – چاپی یەكەم كوردستان 2018
- دیدار لەبارەی شیعر و ڕۆژنامەنووسییەوە ـ چاپی یەكەم 2018
- بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراو و نووسینی دیكە لەكات وشوێنی جیاجیادا بەكوردی و عەرەبی .
- 

## لاپەڕەبەندیی قەسیدەکان


- جەنگ لە بێستانی تەماتە سپییەکاندا ............... 6
- وانەیەک لە سپێدەوە ................................. 42
- ئاماژە پرسیارپێچەکانی شوێن ...................... 61
- زەردە لە سەران بێ
  لە سیما قەوزەدارەکان زیاتر نەبینی
  کەس چاوەڕێت نەکا .................................. 80
- یوسف
  بۆ براکانت خستە بیر و
  وتت گورگ خواردنی ؟ ............................. 91
- مۆنیۆمێنتێک بۆ لەبیرچوونەوە ..................... 99
- تەلارساز و
  هەندێ لە زیندەخەونەکانی ........................ 114
- نیشتمانە باڵدارەکان ................................ 136


---

**Nazhad A. Surme**

***The Architect and some of His Daydreams ..***

*Contemporary Kurdish Poems*


**First edition**
**Kurdistan – 2018**



تەلارساز وهەندێ لە زیندەخەونەکانی ..

Nazhad A. Surme

# *The Architect And some of His Daydreams ..*

*Contemporary Kurdish Poems*

First edition
Kurdistan – 2018